## تاراوگە

هەردوو هاوسێکسبازی کورد،
پەری و دڵسا:
**لە کوردستان دەنکوژن**



**ڕووداو- سوێد**

دوو کچی هاوسێکسازی کوردی خەڵکی باشووری کوردستان، کە لە میدیاکانی سوێددا بە (پەری) و (دڵسا) ناودەبرێن، کە 5 ساڵ پێش ئێستا هاتوونەتە سوێد،لەژوورێکی دەزگای کۆچبەری لە ستۆکهۆڵم دانروون، بۆ بەزۆر ناردنەوەیان بۆ کوردستان. ئامینە کاکەباوە، ئەندامی پەرلەمانی سوێد لەسەر لیستی چەپەکان، هەڵمەتێکی بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانی بۆ ڕێگرتن لە ناردنەوەیان دەستپێکردووەو دەڵێت: "ناردنەوەیان وەک ئەوەیە ڕاستەوخۆ بنێردرێن بۆ گۆڕستان". پەری دەڵێ پێشتر لە کوردستان بەزۆر بەشوو دراوە، بەڵام ئەو حەزی لە دڵسا بووە. کاتێکیش عەشیرەتەکەی بەو مەسەلەیەیان زانیوە ویستوویانە هەردووکیان بکوژن، بەڵام یەکەمجار پەری هاتووە بۆ سوێد و بەدوای ئەویشدا دڵسا هاتووە.

### دوو ڕۆژ لە سندوقی ترێلەیەکدا مانەوە

# 4 گەنجی کورد بەهۆی کەمتەرخەمی پۆلیسی یۆنانی خنکان

**فەرمان چۆمانی**
**ڕووداو-ڕانیە**

خەونی تەیب و سەلام و چیا و هاوڕێیەکەی دیکەیان کە -کوردێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو- لەنێو بارهەڵگرێک لە یۆنان کۆتایی هات، کە بەو بارهەڵگرە بە قاچاخ لە یۆنانەوە کەوتبوونە ڕێگە بۆ ئیتاڵیا، بەڵام هەر چواریان لەنێو بارهەڵگرەکە خنکان و دوای چەند ڕۆژ ئینجا پۆلیس بە ڕووداوەکەی زانی.

ڕۆژی 2010/11/19 تەیب محەممەد و مامۆستا سەلام، کە دانیشتووی قەڵادزێن، چیا لوقمان کە دانیشتووی شارۆچکەی ڕانیەیە، گەنجێکی دیکەش، کە دانیشتووی شاری ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، لەگەڵ 46 کەسی دیکە دەخرێنە نێو بارهەڵگرێک بۆ ئەوەی بە قاچاخ لە یۆنانەوە بگەیێنرێنە ئیتاڵیا، ئەو چوار کەسە بە تەنیا دەئاخنرێنە نێو سندوقێکی بارهەڵگرەکە، دوای ئەوەی ترێلەکە دەگیرێ لەلایەن پۆلیسەوە، بەهۆی کەمتەرخەمی پۆلیسەوە هەر چواریان بەهۆی نەمانی ئۆکسجین گیان لەدەستدەدەن.

ڕۆژی 2010/12/10 تەرمی تەیب و سەلام و چیا گەیشتنەوە کوردستان و لە گۆڕستانەکانی ڕانیە و قەڵادزێ نێژران.

### چۆنیەتی خنکانیان لە زمانی شایەتحاڵەکانەوە

کەسێک بەناوی (باوکی ئەسما) لە یۆنان، کە خۆی تەرمی ئەو کەسانەی شوشتووەو کفنی کردوون و بە دوای ڕووداوەکەدا چووە لە زمانی خزم و برادەرەکانیانەوە بە وردەکاری ڕووداوەکەی زانیوە، بە ئیمەیلێک ڕووداوی خنکانی ئەو چوار گەنجە بۆ (ڕووداو) باسدەکات. باوکی ئەسما نووسیویەتی "دوای ئەوەی 46 کەس، سواری ترێلەیەک کراون و ئەم چوارەیان بە جیا خراونەتە سندوقێکی تەسکی ترێلەکەوە، پاش ئەوەی ترێلەکە بەڕێدەکەوێت بەرەو ئیتاڵیا"، بەڵام کە شاحینەکە دەگاتە بەردەم ئەو پاپۆڕەی چاوەڕێیدەکردن بیگوازێتەوە، لەلایەن پۆلیسی یۆنانییەوە دەگیرێن، باوکی ئەسما دەڵێ" شوفێری ترێلەکە ڕادەکات و هەموو نەفەرەکانی ناوی کە لەپشتەوەی ترێلەکەدا سەرکەوتبوون بێجگە لەم چوار کەسە کە لە سندوقەکەدا دەبن دەگیرێن، بەڵام پۆلیس بەم چوار کەسە نازانێت و ترێلەکە دەبرێتە ناو گەراج و دەستی بەسەردا دەگیرێت".

وەک باوکی ئەسما باسیدەکات، کەسێک پەیوەندی بە پۆلیسەوە کردووە، کە چوار کەس لەنێو سندوقێکی تەسکی ترێلەکەدان، بەڵام پۆلیس گوێی پێنەداوە. ناوبراو دەڵێت "ئەو چوار گەنجە زۆریان هەوڵدابوو بۆ کردنەوەی دەرگای سندوقەکە، بەڵام بەهۆی تەسکی و تەنگەبەری شوێنەکەیان و نەمانی ئۆکسجین وەفات دەکەن، بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکیش چوارەم کەسیان دوو ڕۆژ دواتر وەفاتی کردووە، کە دیاربوو ئەمیان لاشەی کەمتر تێکچوو بوو". وەک باوکی ئەسما دەڵێ پۆلیس بە بۆن دەیاندۆزێتەوە "بەڵام ئەمە لەکاتێکدایە کە هیچ کام لەو چوار کوردە گیانیان لە لاشەدا نەماوە".

بەپێی قسەی مامۆستا هەدیە، پووری چیا لوقمانی تەمەن 21 ساڵ، چیا ئەوکاتەی سواری ترێلەکە بووە تەلەفۆنی بۆ خاڵی کردووە کە لە بەریتانیایە، ئەویش پێیگوتبوو کاتێک گەیشتیە ئیتالیا تەلەفۆنم بۆ بکەوە "زۆر چاوەڕوانیکردووە هیچ هەواڵێکی نەبووە، تاوەکو لە ئینتەرنێت لە نەخۆشخانەی ئەسینا تەرمی چیای دۆزیبووەوە، ئەوکات بەچارەنووسیانی زانیبوو".

هاجەر قادر، دایکی چیا، کە بەجلێکی ڕەشەوە دەستە دەستە میوانەکانی بەخێردەهێنان، بە (ڕووداو)ی گوت "کوڕەکەم مارکێتی هەبوو لەناو بازاری ڕانیە، من و باوکی زۆر هەوڵماندا کە نەڕوات، بەڵام بەقسەی نەکردین، لێرە لە هیچی کەم نەبوو، کە لە یۆنانیش بوو قسەمان لەگەڵ کرد، زۆرمان پێگوت وەرەوە خەمی ئەو پارەیەت نەبێت کە خەرجت کردووە، بەڵام نەهاتەوە".

هاجەر ئاشکراشیکرد کە لوقمان پێشتریش ئەو ڕێگەیەی تاقیکردوەتەوە "جارێک پاسپۆرتمان بۆ دروستکرد، تا بە فڕۆکە بڕوات، بەڵام لێی ئاشکرابوو کە ساختەیە و دەرنەچوو، دوای مانگێک ئینجا ئەو ڕێگەیەی هەڵبژارد بوو بە دزی ئێمە، چونکە ڕێگەمان نەدەدا بە ترێلە بڕوات، کەچی قسەی لەگەڵ خاڵی کردبوو لە بەریتانیا و ڕۆیشت بوو".

### چیا بە تەمای کچێکی زانکۆ بوو

وەک کەسوکاری باسیان لێوەکرد، چیا سەرەتا بەهۆی هەژاری وازی لە خوێندن هێناوەو دواتر بووەتە پۆلیس، بەڵام دوای ئەوەی مارکێتێکی داناوە ژیانیان زۆر باشببوو، بۆیەش دەستی بە خوێندن کردبووەوە و لە پۆلی 5ی وێژەیی دەیخوێند. پووری چیا دەڵێت "چیا کوڕێکی زۆر ڕەوشت بەرزبوو، هەموو نهێنییەکانی لای من باسدەکرد"، پورەکەی دەڵێ چیا پەیوەندی لەگەڵ کچە خوێندکارێکی زانکۆ هەبوو "کاتێک هەواڵی مردنی چیام پێدا، خەریکبوو شێت ببێ، زۆر یەکتریان خۆشدەویست، زۆر بە وەفابوون بۆ یەکتر، چیا پێیگوت دەڕۆم دوای دوو ساڵیتر کە خوێندنت تەواوکرد دێمەوە هاوسەرگیری دەکەین، بەڵام بەداخەوە خەونەکەی نەهاتەدی".

### کرم لە تەرمەکانیان هەڵدەوەری

وەک شایەتحاڵی ڕووداوەکە (باوکی ئەسما) باسیدەکات تەرمی ئەو چوار گەنجە بەهۆی مانەوەیان لەناو ئەو سندووقە بە تەواوی تێکچووبوون. باوکی ئەسما، کە یەکێکبووە لەوانەی تەرمی ئەو چوار گەنجەی شووشتووە دەڵێت "جگە لە برایانی مزگەوتەکان، بەهۆی مانەوەی زۆری تەرمەکان و تێکچوونی لاشەی سیانیان بە تایبەتی، تەرمەکانیان ئەو خەڵکەی وا سەرسام کردبوو کە جاری وا هەبوو لەگەڵ برایەکدا چەند جار دەمانگوت: بیکەن لەڕێی خوا پێویستیمان بە یەکێکە یارمەتیمان بدات بۆ ئەمدیو و ئەودیوکردنی تەرمەکان، بەڵام دەستەکان هێزیان تێدا نەمابوو، تەنانەت من بۆ خۆشم تاسابووم، چونکە بەڕاستی پێشتر تەرمم شۆردبوو، بەڵام وەک ئەم تەرمانەم لە ژیانمدا نەبینیوە". ئەو شایەتحاڵە ئەوەش دەڵێت "تەنانەت لەکاتی شۆردنی یەکێکیان دا برایەک لەکاتی بەرزکردنەوەی سەریدا بۆی گێڕامەوەو گوتی وامزانی برنج هەڵڕژاوە لەژێر سەریدا گوتی کە سەیردەکەم خوا پەنامان بدات هەمووی کرمە".

باوکی ئەسما ئاماژەی بەوەشداوە کە هەر تەرمێکیان 3200 یۆرۆی تێچووە تاوەکو گەیێنراونەوە کوردستان و پارەکەش لەلایەن کەسوکاریانەوە دراوە.



چیا لوقمان، تەمەن 21 ساڵ



تەرمی 3 کوردەکەی ڕانیە و قەڵادزێ

### برووسکە ئیبراهیم، ئەو کوردەی 35 ساڵە لە ئەڵمانیا دەژی:

# لەیەک ملیۆن کورد تەنیا 10%یان ڕەگەزنامەی ئەڵمانییان هەیە



**ڕووداو- هەولێر**

کاتێک ئەو چووە شاری میونشنی ئەڵمانیا تەنیا 20 کوردێک لەو شارە بوون، بەڵام ئێستا ژمارەی ڕەوەندی کورد لەو شارە وەک بروسکە ئیبراهیم دەڵێت لە 15 هەزار کەس تێدەپەڕێ.

بروسکە ئەحمەد ئیبراهیم،، کە لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندی شاری سلێمانی لەدایکبووە، باوکی بەڕێوەبەری قوتابخانە بووەو باپیریشی دادوەر بووە، ئەو لە ساڵی 1962 بۆ یەکەمجار بە مەبەستی خوێندن دەچێتە وڵاتی نەمسا و لە شاری ڤیەننا دەگیرسێتەوە، لەوێ بەشداری کۆرسێکی زمانی ئەڵمانی دەکات، پاشان ڕوودەکاتە شاری میونشنی ئەڵمانیا و لەوێ کۆلیژی ئەندازیاری شارستانی تەواو دەکات.

بروسکە، زۆربەی کاتی بۆ مەسەلەی نەتەوەیی و سیاسی تەرخاندەکات و لەوێ لەگەڵ چەند هاوبیرێکی کار لەسەر ناساندنی گەلی کورد دەکەن بە گەلانی ئەوروپا.

### دامەزراندن و نەمانی نووکسە

لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو یەک ڕێکخراوی کوردی هەبوو لە ئەوروپا ئەویش (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا) بوو، بروسکە ئیبراهیم دەڵێت زۆربەی ئەندامەکانی پارتی و شیوعی بوون کە "پشتگیری یەکێتی سۆڤیەتیان دەکرد"، بەڵام بیرکردنەوەی برووسکە و هاوبیرانی لەگەڵ ئەوانە نەدەگونجا"چونکە ئەوان قیبلەیان سۆڤیەت بوو، ئێمەش دەمانگوت بەرەی ڕۆژئاوا بەرەی ڕۆژهەڵات (سۆڤیەت) هەردووکیان دژی کوردن". لەئەنجامدا لەگەڵ د.جەمال نەبەز و لەتیف عەلی لە 1965/3/21 کۆمەڵەی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد (نووکسە) دادەمەزرێنن.

وەک برووسکە باسیدەکات، ئەو ڕێکخراوەیان لەلایەن کۆمەڵەی خوێندکارانەوە کە لە شیوعییەکان و پارتییەکان پێکهاتبوو زۆر دژایەتی دەکرا "چونکە ئێمە دەمانگوت نەک تەنیا بەرەی ڕۆژئاوا بەرەی ڕۆژهەڵاتیش دژی کوردە، بەڵام ئەوان ئەوەیان بە دڵ نەبوو، ئەو زەمانە کڕنووشیان بۆ یەکێتی سۆڤیەت دەبرد".

سەبارەت بە گرنگترین کارەکانی نووکسە، بروسکە ئیبراهیم دەڵێ کارێکی زۆریان بۆ ناساندنی مێژوو و کولتووری کورد کرد و هەواڵەکانی شۆڕشی ئەیلولیان دەگەیاندە کورد و خەڵک و ڕۆژنامەنووسانی بیانی، ئەویش لە ڕێگەی دەرکردنی ڕۆژنامەیەک بەناوی (کوردستان ئینفارماسیۆن Kurdistan information) کە بە زمانی ئەڵمانی بڵاودەکرایەوەو یەکەم ژمارەی لە 1965 دەرچوو، دوا ژمارەشی کە ژمارە 30 بوو لە 1977 دەرچوو. کە تیراژەکەی تاوەکو 2 هەزار دانە بەرزبووەو بەدەست و پۆست بڵاودەکرایەوە بەخۆڕایی لەسەر خەرجی تایبەتی خۆیان. هەروەها ڕۆژنامەی (خوێندکاری کورد)ی بە زمانی کوردی دەردەکرد، کە 12 ژمارەی لێدەرچوو، نزیکەی 500 دانەی لێ بڵاودەکرایەوە لەهەر ژمارەیەکی.

برووسکە ئیبراهیم دەڵێ کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ناکۆکی شیوعی و پارتییەکانیشی تێدابوو لە شەستەکاندا " بەرامبەر سۆڤیەت شەڕیان لەسەر ئەوەبوو کێ زۆرتر دۆستی سۆڤیەتە، بەڵام حیزبی شیوعی زۆر پشتگیری عەبدولکەریم قاسمیان دەکرد بە (زعیم الاوحد) ناویان دەبرد و بەشۆڕشی ئەیلولیان دەگوت (الجیب العمیل) و دژی شۆڕشی کوردبوون، بەڵام پارتییەکان و نیشتمانپەروەرانی کورد و ئێمە دەمانگوت قاسم کەسێکی دیکتاتۆرە".

نووکسە لە ساڵی 1977 خۆی هەڵوەشاندەوە،

> ■ زۆربەی ئەو کوردانەی لەدوای ڕاپەڕینەوە هاتوونەتە ئەوروپا بێ ئامانجن و ئاستی ڕۆشنبیرییان نزمە
>
> ■ پەیوەندی کوردانی دەرەوە جاران باشتربوو

برووسکە ئیبراهیم هۆکاری ئەوە ڕووندەکاتەوە "ئەوکات لە ئەوروپا جەماعەتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، لەوانەش د.کەمال فوئاد چووبووە لای کاک جەمال نەبەز پێیگوتبوو ئێمە هەوڵدەدەین هەموو ڕێکخراوەکان بکەین بە یەک و با دووبەرەکی نەبێ و یەک ڕێکخراوی خوێندکارانی کورد هەبێ، کاک جەمالیش گوتبووی باشە، من دژی ئەوەبووم نووکسە هەڵبوەشێنینەوە، چونکە ئەوکات گوتم من ئەوانە دەناسم ئەوە ناکەن، هەرواش دەرچوو، پاشان کۆمەڵەی خوێندکاران لەتبوو و چەند ڕێکخراوێکی دیکەش دامەزران".

### پەیوەندی کورد جاران باشتر بوو

بروسکە پێیوایە ئەو پەیوەندیەی لە شەستەکاندا لەنێوان ڕەوەندی کوردی هەبوو ئێستا نییە "لە میونشن ئەگەر کەسێک بهاتایە دەچوونە فرۆکەخانە پێشوازیان لێدەکردو چی پێویستبوو بۆیان دەکرد، بەڵام وردە وردە شتەکە بووە حیزبایەتی و تێکچوو".

ئەو دەڵێ لە ئەوروپا حیزبایەتی کوردی لێک کردووەو حیزبایەتی کورد لەئەوروپاش بە "کۆپیکراوی کوردستان" ناودەبات و دەڵێ " ڕەوەندی کورد ئێستا لە ئەڵمانیا بەتایبەت ئەوانەی باشووری کوردستان یان پارتی یان یەکێتین یاخود کەسی سەربەخۆن، پارتی و یەکێتییەکان لەلایەن حیزبەکانیانەوە یارمەتی دەدرێن و زۆربەشیان بێکارن، هیچ چالاکییەکی سیاسییان نییە، بۆ نموونە کە نەورۆز دێت ئەوان هیچ ناکەن، تەنیا PKK ئاهەنگ دەگێڕێ".

نزیکەی یەک ملیۆن کورد لە ئەڵمانیا دەژین، بەڵام تائێستا کورد نەبووەتە بەشێک لە گوتاری هەڵبژاردنی حیزبە ئەڵمانەکان، برووسکە ئیبراهیم هۆکارێکی ئەوەی بۆ ئەوە گێڕایەوە کە زۆربەی زۆری کوردانی نیشتەجێی ئەڵمانیا ڕەگەزنامەی ئەڵمانیان نییە، لەبەرئەوەش نەبوونەتە جێگەی بایەخی حیزبە ئەڵمانەکان، جگە لە پەرتەوازەیی خۆیان.

بروسکە ئیبراهیم دەڵێ " دەتوانم بڵێم 10%ی ئەو کوردانەی لە ئەڵمانیا دەژین ڕەگەزنامەیان هەیە. ئەو کوردانەی بۆ کار کاتی خۆی هاتوونەتە ئەڵمانیا ڕەگەزنامەی ئەڵمانییان پێنادرێ، زۆریان هەر بیر لە وەرگرتنی ڕەگەزنامە ناکەنەوەو هاوین دەگەڕێنەوە وڵاتەکەیان و هەر باسی سیاسەتیش ناکەن"، هەروەها دەڵێ کوردانی باشووری کوردستان ئەوانەی لەساڵانی شەست و حەفتا و هەشتاکان دەچوونە ئەوروپا بۆ خوێندن و ئامانجێک دەچوون، بەڵام ئەوانەی دوای ڕاپەڕین چوونەتە ئەوروپا "زۆربەیان ئاستی ڕۆشنبیریان نزمە و لەبەر بێکاری لە کوردستان دەرکەوتوون و هیچ ئامانجێکی سیاسی و نەتەوەییان نییە".

بروسکە ئیبراهیم، پێیوایە جگە لەسیاسەتی هەڵەی حیزبە کوردییەکان، کەموکورتی لە تاکی کوردیشدا هەیە لە ئەڵمانیا کە هەندێکیان بەتایبەتی زۆر لەوانەی باکوور پەرە بە زمانەکەیان نادەن.

ئیرمگارد، ئافرەتێکی ئەڵمانە و هاوسەری برووسکە ئیبراهیمە، ئەوتەنیا یەکجار لە حەفتاکان بۆ ماوەی شەش مانگ هاتووەتە کوردستان، لەکوردستان زمانی کوردی فێربووەو لە ئەڵمانیا لەسەری بەردەوامبووە، تەنانەت هێندە دڵگەرمە لە بەرگریکردن لە مافەکانی کورد بەسەربەخۆیی کوردستانیشەوە زۆر کەس پێیدەڵێ " ئیرمگارد خان لەزۆر کورد کوردپەروەرترە"، برووسکە ئیبراهیم دەڵێ "زۆر کورد لە ئەڵمانیا گرنگی بە کوردبوونی خۆیان نادەن. بەڵام زۆر کەسی ئەڵمان هەن بایەخ بە زانیاری کۆکردنەوە لەسەر کورد دەدەن، هاوسەرەکەم زۆر کتێبی لەسەر کورد خوێندوونەتەوە، ئێستا زۆر لەبارەی کورد دەزانێ، لە هەندێک کوردی دیکە زیاتر دەزانێ. بەڵام کوردی واهەیە کە هاوسەرەکەی بیانییە کە دەچییەماڵی هاوسەرەکەی دوو وشەی کوردی نازانێ".

کورد بەو یەک ملیۆنەیەوە یەک ئەندامی لە پەرلەمانی فیدراڵی ئەڵمانیا نییە، بەڵام ئەمساڵ لە سوێد پێنج کورد بوونە ئەندامی پەرلەمان. برووسکە ئیبراهیم دەڵێ" کوردانی نیشتەجێی سوێد لە کوردانی ئەڵمانیا چالاکترن".

برووسکە ئیبراهیم زۆر پێی حەیفە کە کورد تاوەکو ئێستا لۆبییەکی لە ئەڵمانیا نییە، کە وڵاتێکی زۆر گرنگی ئەوروپایە و بۆ کورد گرنگە " تورک لۆبییەکی بەهێزی هەیە، عەرەبەکان هەیانە، بەڵام کورد نیەتی".

### زەحمەتە جەمال نەبەزێکی دیکە لە ئەوروپا بدۆزرێتەوە

نووسەر و بیرمەندی نێوداری کورد د.جەمال نەبەز، لەسەرەتای شەستەکانەوە لە ئەڵمانیا تاوەکو ئێستا بۆ سەربەخۆیی کوردستان و بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوەیی لە ئەڵمانیا و شوێنەکانی دیکە کاریکردووە، جاری واهەبووە چەندین وڵاتی بڕیوە لەسەر خەرجی خۆی بۆ پێشکەشکردنی سەمینار و باسێکی پەیوەست بەکوردەوە. بروسکە کە یەکێکە لە هاوبیرانی د.جەمال نەبەز، دەڵێ "لەوەتەی مامۆستا جەمال دەناسم، هەرچی شتێکی کردبێ بۆ کورد بووە، هەر لە کتێب نووسین و کۆڕ و سەمینار و هەوڵدانی کارکردنی بەکۆمەڵ. زۆر لەوە زیاتری کردووە کە پێیدەکرێ، بۆیە دەبێ هەموو کورد سوپاسی بکەن، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کورد پێزانینی نییە". ناوبراو بە دووری دەزانێ نموونەیەکی دیکەی وەک جەمال نەبەز لە ئەوروپا بدۆزرێتەوە "زۆر زەحمەتە لە ئەوروپا نموونەی کوردێکی وەک جەمال نەبەز بدۆزرێتەوە و پەیدا ببێتەوە لە کارکردن بۆ کورد، چونکە لەوەتەی ئەو پیاوە دەناسم هەموو بیری هەر کوردستانە، ئەگەر کوردستانێکی سەربەخۆ هەبووایە ئەو کابرایە شایستەی ئەوەبوو بکرێتە سەرۆک دەزگەیەکی گەورەی زانستی، من دڵنیام ئەگەر کوردستان سەربەخۆ بووایە ئەو کارەی دەکرد، بەڵام ئەو لە کوردستانێک کار ناکات باسی فیدراڵی و برایەتی کورد و عەرەبی تێدا بکرێ لەجیاتی سەربەخۆیی کوردستان".

### یەکپارچەیی عێراق خەونە نەک سەربەخۆیی کوردستان

برووسکە ئیبراهیم، ئەندامی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستانە، ئەو ڕۆژانە هەر بابەتێک بەزمانی ئینگلیزی بڵاوببێتەوە بۆ زیاتر لە 100 ئیمەیلی دەنێرێ،ئەگەر خۆیشی لەسەرداندابێ، هاوسەرەکەی ئەو کارە دەکات. بەتایبەتیش هەر بابەتێک پەیوەستبێ بەسەربەخۆیی کوردستانەوە دەربازی ناکەن و بەفراوانی بڵاویدەکەنەوە، برووسکە دەڵێ " لەدرەوە زیاتر بۆت دەردەکەوێ کە کورد بەبێ دەوڵەت هیچ نییە و هیچ حیسابی بۆ ناکرێ". ئەو لەوسەردانەیدا زۆر خەمگینبوو بۆ ئەوەی کە خەڵک لە باشووری کوردستان جیاواز لەساڵانی شەستەکان، لەجیاتی کێشە نەتەوەییەکەی هەر بیری لای پارە و خزمەتگوزای و پێویستییەکانی ڕۆژانەیە، زۆریش لەوە پەستە کە هەندێک لە سیاسەتکارانی کورد پێیانوایە سەربەخۆیی کوردستان خەون و خەیاڵە، بەڵام کاری بەردەوام بۆ یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکەن. برووسکە دەڵێت "من هیچ کات دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان بەخەون نازانم،ئەوە خەونە ئەگەر بڵێی لە بەغدا دەمەوێ حکومەتێکی دیموکراتی دروستبکەم، ئەوە قەت نایێتەدی، عەرەب قەت ئامادە نین ببنە دیموکراتی، چونکە دیموکراتی پەروەردەی دەوێ. ئەو ململانێیەی لەعێراقدا هەیە، ئەوە دەردەخات کە یەکپارچەیی عێراق خەون و خەیاڵە".

### لە کوردستان سیستم نییە

لەماوەی 35 ساڵ ژیانی لە ئەوروپا، مانگی ڕابردوو بۆ دوو هەفتە برووسکە ئیبراهیم بۆ جاری دووەم لەو ماوەیەدا گەڕایەوە باشووری کوردستان، ئەو شانازی بەوەوە دەکات کە هەولێر و سلێمانی گەورە و فراوان و پێشکەوتوون، بەڵام ڕەخنە لەوەش دەگرێ کە " لێرە سیستم نییە، بۆ نموونە پەڕینەوە لە جادە زۆر زەحمەتە، هۆڕین لێدانێکە دەڵێی بەغدای جارانە، هەروەها جیاوازی هەژار و دەوڵەمەند زۆرە، چینی ناوەڕاست نییە، لە ئەوروپا چینی ناوەڕاست وڵات بەڕێوەدەبات، چینی دەوڵەمەند و هەژار زۆر کەمن".